گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper5

ڕێــكەوتــی وەرگــرتـن: 11-06-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 12-07-2023
ڕێكەوتی بلاوكردنەوە: 28-02-2025

# ڕۆڵی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە ناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان

**هەرمن شێرکۆ نصرالدین[1] - حكيم عثمان حميد[2]**

Harmn.sherko@spu.edu.iq - hakim.othman@spu.edu.iq

[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی تەکنیکی میدیا، كۆلێژی تەكنیكی كارگێڕی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان،عێراق.

[2] بەشی دیجیتاڵ میدیا- پەیمانگەی ناشناڵ بۆ تەکنۆلۆجیا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عیراق.

## پوختە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی "ڕۆڵی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە ناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان" هەوڵدانە بۆ زانینی ئەو ڕۆڵەی كاراكتەرە كوردییەكان دەیبینن لە ڕێگەی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتییەوە بە مەبەستی پەیداکردنی ناوبانگ، ئەم ئامانجەش لە ڕێگەی بەشداریپێکردنی ژمارەیەک لە ئەكادیمیان و پسپۆڕانی بوارە نزیكەكانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی تێگەیشتن و زانینی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان ئەم دو لایەندا هەیە، بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی و بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان. توێژینەوەکە کاردەکات بۆ دەستنیشان كردنی میکانیزمەکان و شێوازە جیاوازە بەکارهاتوەکان لە بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی باسمانکرد، هەروەها دەرخستن و پیشاندانی ڕۆڵی بیرۆکە نوێیەکان کە لەشێوەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی ودروستکردنی تواناكان و ئاشناكرنی جەماوەر بە ئەزمون و شارەزاییە نوێیەکان لەو چوارچێوەیەدا، لەئامانجە گرنگەكانی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانكردنی لێكەوتە نەرێنییەكانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتییە کە لە ئەنجامی هەوڵدان بۆ بەناوداربونی كاراكتەرە كوردییەكان دەردەكەون. توێژینەوەکە لەکۆتاییدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهێنا کە گرنكترینیان، بەگوێرەی تاقیكردنەوەی (تاقیكردنەوەی ت) بۆ (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) دەكاتە (14.113) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەكەوێت (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) كاریگەری هەیە لە (بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان)، هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحديد- $R^2$) كە دەكاتە (0.448) واتە بەڕێژەی (44.8%) ئاستی (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) كاریگەری هەیە لە (بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان) ڕەنگدەداتەوە.

**کلیلە وشەكان:** بەبازاڕکردن، بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی، كاراكتەرە ناودارەكان.

## پێشەکی:

هەمێشە دۆزینەوەکان و پێشکەوتنە گەورەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، گۆڕانکاری گەورەی بەسەر میکانیزم و پلانەکانی تاک و کۆمەڵگەدا هێناوە و بۆ هەر سەردەم و قۆناغێک شێواز و ئامرازی جیاواز پێویستبون تا بە تەواوی سود لەو پێشکەوتن و دۆزینەوەکان ببینرێت، گەشە خێراکانی بوارەکانی (ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، تەکنەلۆجیا و ئامرازەکانی پەیوەندییکردن) بون بە ڕێخۆشکەرێک بۆ دەرکەوتنی چەمکی (بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی) بەشێوەیەکی کرداری، و سروشتی پێشکەوتوی ژیانی کۆمەڵگە پاڵنەربو باسکردن و لێتوێژینەوە لەو چەمکە و بەشێوەیەک لەشێوەکان خۆی سەپاند بەسەر بواری تیۆری و پراکتیکی دامەزراوەکان و پێویست بو باسبکرێت و تایبەتمەندێتی پێبدرێت تا ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر دەکرد کە لە ڕابردودا شێوازی برەودان و بەبازاڕکردنی بەرهەم و خزمەتگوازارییەکان لە زانستی بەبازاڕکردنی بازرگانییەوە وەردەگرت، ببێتە هۆی ئەوەی کە بیر لە چەمکێکی نوێ بکەنەوە یاخود شێوازێک و مۆدێلێکی نوێ دابهێنن بەناوی (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی).

لەهەمان کاتیشدا بەهۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان و دەرکەوتنی ئینتەرنێت و پشتبەستنی بەرفراوانی کۆمەڵگاکان بە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و بەکارهێنانیان بو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، ئەمەش بوە هۆی گەشەکردن و دەرکەوتنی کاراکتەرە ناودارەکان، نەک هەر ئەمە بەڵکو شێوازی بون بە کەسایەتییە ناودارەکانیش بەشێوەیەکی بەرچاو هەمیشە لە گۆڕاندایە بۆ نمونە پێشکەشکاری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، شرۆڤەکارانی میدیا، بێژەرانی هەواڵ، ئەکتەران، هونەرمەندان، سیاسیەتمەداران و کاراکتەرە ئاینییەکان بەهۆی ئەو کۆمەڵە کارامەییانەی هەیانە یان لە ڕێگەی ئەو هەوڵانەی کە بەخشیان بە میدیایەک یان بوارێک توانیان ناوبانگ بەدەستبهێنن، چونکە بە سەرهەڵدانی ئامرازی نوێی میدیایی وفۆڕمی نوێی کات بەسەربردن ڕێگەی بە خەڵکی ئاسایی داوە بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر ببنە کەسایەتی ناودار، ئەویش بەهۆی ئاسانکاری لە بەکارهێنان و ئاسانکاری لە دۆزینەوەی ناوبانگ.

## بەشی یەکەم

## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

توێژەران پێیان وایە کێشەی توێژینەوە لە نادیاری ڕۆڵی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بۆ بەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان سەرچاوەدەگرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی ڕون کێشەی توێژینەوە بخەینەڕو، هەوڵمان داوە لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە ئاماژە بە کێشەی توێژینەوەکە بکەین، کە بریتین لە:

١- بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵێک دەگێڕێت لەبەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان؟

٢- چ جۆرە بەبازارکردنێکی کۆمەڵایەتی پەیڕەوکراوە بە ئامانجی گەیشتنیان بۆ بەناوداربونیان؟

٣- تا چەند بیرۆکە وخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان هەبوە لە ناوداربونی کاراکتەرە کوردییەکان؟

٤- ئایا ئامانجی هەڵمەتەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی کاردانەوەی ئەرێنی هەبوە لەسەر بەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان؟

٥- ئایا بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەخوازراوی نەرێنی بەجێهێشتوە؟

## دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

١- زانینی ڕۆڵی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە بەناوبانگکردنی کاراکتەرە کوردییەکان.

٢- دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە بەبازاڕکردنە کۆمەڵایەتیەی کە پەیڕەوکراوە بۆ بەناوبانگکردنی کاراکتەرە کوردییەکان.

٣- خستنەڕوی ڕۆڵی بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە بەناوبانگکردنی کاراکتەرە کوردییەکان.

٤- دیاریکردنی ئەو هەڵمەتانەی کە ڕۆڵی ئەرێنیان گێڕاوە لە بەناوبانگکردنی کاراکتەرە کوردییەکان.

٥- دۆزینەوەی لێکەوتە نەرێنییەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە بەناوبانگکردنی کاراکتەرە کوردییەکان.

## سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم بابەتە لە نوێی بابەتەکەدا سەرچاوەدەگرێت، بەو پێیەی ئەمە یەکەمین توێژینەوەی کوردییە لەبارەی کاراکتەرە کوردییە ناودارەکانەوە ئەنجام درابێت، کە لەسایەی گەشەی تەکنەلۆجیای نوێ و تۆڕەکانی سۆشیال میدیا توانیویانە ئەم ئامانجەیان بەدەستبهێنن، هەروەها یەکێک لە گرنگیە دیارەکانی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ بەستنەوەی دو خاڵی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنە ئەویش بەناوبانگکردنی کاراکتەرە کوردییەکان لەڕێگەی پرۆسەی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتیەوە، کە دەکرێت بۆ ئامانجی دیکە ئەم بابەتە باسکرابێ بەڵام لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە نەدراوە، یەکێکی تر لە گرنگی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ناسینی ئەم کاراکتەرە ناودارە کوردییانە و ئەو بەشدارییە کۆمەڵایەتییەیان لەژیانی هاوڵاتیاندا، کە ڕەنگە هەمو بەشدارییەکانیان بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنیدا نەبێت، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕادەی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی ئەو کاراکتەرانە لەسایەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا.

## چوارەم: بوارەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە سێ بوار لەخۆدەگرێت کە بریتین لە:

- بواری مرۆیی: بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی (سلێمانی، صلاح الدین، دهۆک، سۆران، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆک) هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کە فۆرمەکەیان بەسەردا دابەشکراوە، کەژمارەیان (٣٣٨) مامۆستان، بەڵام لەکۆی ئەو ژمارە گشتیەدا (٢٤٧) فۆرم گەڕایەوە.

- بواری شوێن: مەبەستمان هەرێمی کوردستانە و زانکۆ حکومییەکانی (سلێمانی، صلاح الدین، دهۆک، سۆران، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆک) دەگرێتەوە.

- بواری کات: بریتییە لەو ماوەیەی کە تیایدا فۆرمەکان دابەشکران و کۆکرانەوە، کە لە ٢٠٢٣/٣/١٢ تا ٢٠٢٣/٥/٣ بەردەوام بوە.

### پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە

توێژەر بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە و پشت بە ڕێبازی ڕاپێویی (ڕوپێوی) بەستراوە. کە تێیدا بۆچون و تێڕوانینی دەستەبژێرێک لە مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە پسپۆڕانی ئەکادیمی لەبوارەکانی (ڕاگەیاندن، بەبازاڕکردن، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، پرۆسە کارگێڕییەکان و دەروونناسی) وەک مشتەی (مەبەستدار) وەرگرتوە، لێرەدا توێژەر ئامانجییەتی بگات بە وەڵامی پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکەی.

### شەشەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا لەسەر بنەماکانی کێشە و گرنگی و ئامانجەکان، توێژەران هەوڵیان داوە ئەو گریمانانە تاقی بکاتەوە و بیسەلمێنێت کە پەیوەستن بە ڕۆڵی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە ناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

گریمانەی یەکەم: پەیوەندیەکی ئاماژەداری ئاماری لە نێوان بەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان وبەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

گریمانەی دوەم: بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لە بەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان.

### حەوتەم: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە

- کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەبەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان (سلێمانی، صلاح الدین، دهۆک، سۆران، هەڵەبجە، پۆلیتەکنیکی سلێمانی، پۆلیتەکنیکی هەولێر، پۆلیتەکنیکی دهۆک) وەرگیراوە.

- لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا نمونەی هەرەمەکی ڕێکخراو (عينة عشوائية منتظمة) وەرگیراوە کە پێکدێت لە پسپۆڕانی بوارەکانی (ڕاگەیاندن، بەبازاڕکردن، کۆمەڵناسی، کاری کۆمەڵایەتی، پرۆسە کارگێڕییەکان و دەروونناسی) کە ژمارەیان (٢٤٧) مامۆستایە.

### هەشتەم: ناساندنی چەمکەکان

١- بەبازاڕکردن: بریتییە لەو چالاکییانەی کە کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن لەڕێگەی ڕیکلامکردن و فرۆشتن و گەیاندنی بەرهەم بۆ کڕیاران یان بۆ کۆمپانیاکانی تر بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی کڕین یان فرۆشتنی خزمەتگوزارییەک یان بەرهەمێک.

٢- بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی: بریتییە لە بەکارهێنانی بنەماکانی بازاڕکردن بۆ کاریگەریکردن لەسەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە مەبەستی باشترکردنی ژیانی تاکەکان بەشێوەیەک کە سود بە کۆمەڵگا بگەیەنێت.

٣- کاراکتەرە ناودارەکان: وەک کەسانێک ناسێنراون، کە ئاستێکی بەرچاو لە ناوبانگیان لە کۆمەڵگادا بەدەستهێناوە و توانیویانە لە کولتوری هاوچەرخدا پێگەیەکی باش بەدەستبهێنن".

## بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی

### یەکەم: چەمک و پێناسەی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی

بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی پشت دەبەستێت بە فەلسەفەی بەبازاڕکردن و گونجاندنی تەکنیکەکانی بەبازاڕکردن، بەمەبەستی گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاک بەوشێوەیەی کە لەکۆتایدا کاریگەری لەسەر ڕەفتاری گشتی تاکەکان وکاریگەری باشی دەبێ لەسەر کۆمەڵگا، هەروەها هەڵدەستێت بە گۆڕانکاری بەمەبەست (مەبەستدار) لە بەها وبیروباوەر ورەفتارەکانی تاک یان توێژێکی بەئامانج گیراو، هەروەک دەتوانین بڵێین ئەرکێتی متمانە بە چینێکی کۆمەڵگا بکات سەبارەت بە ئامانجێک یان خزمەتگوزارییەک.

توێژەر (می عبدالواحید الخاجة) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە دەکات بەوەی چەمکی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو فەلسەفە و بنەمایانە سەرچاوەی گرتوە کە دەبێت پێویستی و خواست و بەرژەوەندییەکانی کڕیار و بەکاربەرەکان دەستنیشانبکات و دواتر کاربکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پێویست بەشێوەیەکی کاراتر و کاریگەرتر بەجۆرێک کە خزمەت بە بەرژەوەندی بەکاربەر و بەرژەوەندی کۆمەڵگا بکات، بۆیە فەلسەفەی بەبازاڕکردن گریمانە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ئەو گریمانانە دادەمەزرێن کە پێویستییەکان و خواستەکانی بەکاربەران بهێنێتەدی. (الخاجة، ٢٠١٢، ٩)

کۆمەڵێک توێژەری بواری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن "گونجاندنی تەکنەلۆژیاکانی بەبازاڕکردنی بازرگانییە لەگەڵ ئەو بەرنامانەی کە داڕێژراون بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ڕەفتاری خۆبەخشانەی ئامانجەکان بە مەبەستی باشترکردنی خۆشگوزەرانی کەسیی و ئەو کۆمەڵگایەی کە بەشێکن لێی. (Lowe, et al, 2015, 381)

هەروەک نوسەر (جمعة حجازی) کۆمەڵێک پێناسەی کردوە بۆ چەمکی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بەوەی بریتییە لە پرۆسەی بەبازاڕکردنی بیرۆکە بە ئامانجی گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتەکان بەبەکارهێنانی هونەر و هۆکاری بازارگەری، هەروەها هاوکاریکردنی دروستکەرانی بڕیار و پسپۆڕان و خەمخۆرانە تابتوانن لە ڕێگەی بەرنامە سازییەوە بگەن بە ئامانجی گۆڕانکاری کردن لە کۆمەڵگا. (حجازی، ٢٠٢٠، ٩٩)

### دووەم: ئامانجەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی

یەکەم: ئامانجی گشتی: ئامانجی بەکارهێنانی سیاسەتی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆگرامە زانستییەکان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەئامانج گیراو و سودوەرگرتن لەو بابەتە زانستیانە بۆ سەرخستنی پرۆسەکە، هەروەها پێدانی زانیاری دەربارەی بابەتە گشتییەکان کە پەیوەندی بە ژیانی هەمو تاکەکانەوە هەیە تاکو لەو ڕێگەیەوە گۆڕانکاری گشتی دروست ببێت و کاریگەری لەسەر ئاراستەکانی جەماوەر دابنێت. ( الشهری، ٢٠١١، ٨٤)

دووەم: ئامانجی تایبەت: لەم ئامانجەدا دامەزراوە خۆی دەبێت بە ئامانج، بە دروستکردنی وێنەی زهنی ئەرێنی دەربارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکە وبەرهەمەکانی، خستنەڕوی قەبارەی ئەو جەماوەرەی سود لە چالاکییەکانی دامەزراوە وەردەگرێت و دەرخستنی تایبەتمەندێتی بابەتە بەبازاڕکراوەکانی، ئەمەش وادەکات بەردەوام هاوسەنگییەک دروستبێت

لە ئەنجامدانی کۆی پرۆسەکە و کەمکردنەوەی بەهەدەردانی ماددی و هەڵەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکە. (المصدر نفسه، ٢٠١١، ٨٤)

سێیەم: ئامانجە چارەسەرییەکان: لێرەدا دامەزراوە هەوڵدەدات چاکسازی لە کۆمەڵگادا بکات بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر ڕەفتارە هەڵەکان بۆ باشترکردنی ژیانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و بڵاوکردنەوەی دەرئەنجامی توێژینەوەکان کە گرنگن بۆ جەماوەر، بەمەش دوریان دەخاتەوە لە ئەو ڕەفتار و بەرهەمانەی زیان بەخشن. ( Alves and Ladero, 2019, 3)

چوارەم: ئامانجە خۆپارێزییەکان: لێرەدا ئامانجەکان مەبەستیان پاراستنی کۆمەڵگاکانە بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست و ئامادەسازی کردنی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی پێشخستنی کۆمەڵگاکان، ئەمەش بە فێرکردنی جەماوەر کە پێویستە چۆن بێت وبڵاوکردنەوەی ئەو خو ڕەفتارانەی کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە و لەو بابەتانە ئاگاداربکرێنەوە کە لەداهاتودا وەکو لەمپەرێک ڕوبەڕوی کۆمەڵگا دەبێتەوە و شێوازی مامەڵەکردنەکەی پێش وەختە بخرێتەڕو. (Zainuddin, et al, 2017, 2-3)

پێنجەم: ئامانجە فێرکارییەکان: ئەم ئامانجە کاردەکات لەسەر بەدەستهێنانی زانین و زانیاری سەبارەت بە گرفتەکان یان ئەو دۆخەی کە پێویستی بەچارەسەرە، ئەم شێوازە پشت دەبەستێت بە تیۆری (ڕەفتار/ ئاراستە) کە وادەبینێت گۆڕانکارییە ڕەفتارییەکان لەڕێگای زیادکردنی زانین وزانیاری زانستی و ورد وئاراستەکردنی بۆ جەماوەر، هەروەها فێرکردنی جەماوەر دەربارەی هەندێ وردەکاری کە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ڕەفتارەکانیان سەبارەت بە بابەتی بەئامانجگیراو و بەستنەوەی بەبەرژەوەندییەکانی جەماوەر و خستنەڕوی سودەکانی لەکاتی جێبەجێکردنیان. (حيزية، ٢٠٢٠، ٦٣-٦٤)

شەشەم: ئامانجە ئاراستەکارییەکان: لەم جۆرەیاندا کار لەسەر دۆزینەوەی ئاراستە لایەنگرەکان دەکرێت کە هاوپەیوەندە بە ڕەفتاری لایەنی بەکاربەر و بەهێزکردنی ئەو ئاراستانەی کەبەرەو خزمەتگوزارییە بەبازاڕکراوەکە دەڕوات، هەروەک ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ئاراستە نەرێنیانە کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەی ئاراستەکردندا، واتە بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی ئامانجیەتی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەبێت واتە بە کاریگەری لەسەر ئاراستەکان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەویش لە ڕێگەی چەند ئامانجێکی وەک دروستکردنی ڕەوت و ئاراستەی لایەنگری، چەسپاندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئاراستە و ڕەوتە لایەنگریانەی کە پێشتر هەبون و دژایەتیکردن و گۆڕینی ڕەوت و ئاراستە نەرێنییەکان. (سفياف، ٢٠١٨، ٢٧)

حەوتەم: ئامانجە ڕەفتارییەکان: ئامانج لێرەدا دروست کردنی ڕەفتاری پەسەندکراوە کە کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنیەتی بڕیاردانی تاکەکان بە گۆڕینی ڕەفتارە نەرێنی و ناپەسەندەکان و باشترکردنی ڕەفتارە ئەرێنییەکان، واتە ئامانجێتی پەسەندێتی ڕەفتارە ئەرێنییە نوێیەکان بگەیەنێت بە جەماوەرەکەی و ڕەفتارە ناپەسەندەکان نەهێڵێت یان کەمیان بکاتەوە، هەروەک چاکسازی بکات لە هەندێ ڕەفتار کەلایەنی خراپی زاڵبوە بەسەر لایەنە باشەکەیدا بۆ نمونە (بەفیرۆنەدانی ئاو، بەهەدەر نەدانی وزەی کارەبا، ....). (ناصر، ٢٠١٦، ١٩٩)

## سێیەم: بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاریی و بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان

بەپێی توێژینەوەکانی پەیوەست بە بواری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی، بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بە دوەم بوار لە بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتیی دادەنرێت، دەرکەوتنی چەمکی خزمەتگوزاری لە چوارچێوەی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بو، کە بە "بازاڕکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان" ناسرابو وەک خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستی و ڕاهێنان و خێرخوازی بەجۆرێک خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ ئامانجیان قازانجی ماددی نییە، بەڵکو خزمەتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە لەڕێگەی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیی و بەرهەمە نابەرجەستەکانەوە. (الشهری، مصدر سابق، ١١٥)

توێژەرانی ئەم بوارە ئاماژە بەجێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکانی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، پێیان وایە دەتوانن گۆڕانکاری دروستبکەن، نمونەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک چاودێری تەندروستی، چاودێریکردنی بەساڵاچوان و چاودێرکردنی منداڵانی بێلانە وچادێریکردنی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، خزمەتگوزاری پەروەردەیی، خزمەتگوزاری دەرونی، ڕاهێنان و فێرکردن، کاری خێرخوازی، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری گشتی و چەندین نمونەی تر کە بەشێوەیەکی گشتی خزمەت بە کۆمەڵگا دەکات و لە کەرتی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بە گرنگ دادەنرێت. (Klenk and Reiter, 2019, 4-5)

بەبازاڕکردنی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی چەمکێکی بنەڕەتییە لە بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتیدا، مەودای بەبازاڕکردنی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی درێژ دەبێتەوە بۆ هەمو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی "تاک"، بەتایبەتی لایەنە جیاوازەکانی ڕەفتاری مرۆڤ کە پەیوەندییان بە ژیانی تاک و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی هەیە. بۆیە لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو پرس و کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکان (گەشەسەندو و پیشەسازی) توشی کێشە دەکەن، بەم هۆیەوە پێویستی بە سودوەرگرتن لە بنەماکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی هەیە. (الشهری، مصدر سابق، ١٠٣)

چەمکی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی تەنیا لە بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانەدا سنوردار ناکرێت، بەڵکو پەلدەکێشێت بۆ هەمو ئەو بیرۆکانەی کە پەیوەندییان بە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە و کێشەکانییەوە هەیە، بۆ نمونە بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانی، وەک بەبازاڕکردنی بیرۆکەی ڕێکخستنەوەی خێزان، بیرۆکەی بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، بیرۆکەی گەڕان بەدوای کار لەبری چاوەڕوانی کار لەکەرتی حکومی، بیرۆکەی پەروەردە و فێرکردنی نەوەکان و بیرۆکەی پاراستنی ژیانی ئاژەڵەکان، بیرۆکەی بەرهەمهێنانی پرۆژەی کۆمەڵایەتی، بیرۆکەی کۆمەڵایەتی و کاری خێرخوازی و مرۆیی و بیرۆکەی ناوداربون و بەناوبانگبون ..هتد. (أبو النصر، ٢٠٢٢، ٨)

هەر لەوبارەیەوە، پرۆسەی بڵاوکردنەوەی بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە پێنج توخمی سەرەکی هەیە، کە دەتوانێت بەڕونی سروشتی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی نیشان بدات بریتین لە: (الشهری، مصدر سابق، ١٠٦)

١- بیرۆکەی نوێ: تازەیی و سەردەمیانەی بیرۆکەکە دەبێت لەسەر بنەمای تێڕوانین و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لەتاکەکانی کۆمەڵگە دیاریبکرێت.

٢- بەئامانج کردنی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکە لەناو خەڵکدا: بەجۆرێک کە بیرۆکەکە لە بەرهەمەکەیەوە (سەرچاوە) بگرێت بە ئامانجی بەکارهێنانی بیرۆکەکە.

٣- ناسینی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وژینگەی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکە: بیرۆکەی نویٚ لە ژێر کاریگەری نۆرمی کۆمەڵایەتیدایە، بەتایبەتی ئەو ڕەفتارانەی کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا باون.

٤- ئەو ماوەیەی کە پێویستە تاك بیرۆکەکە لە ئامێز بگرێت: ئەمەش ئەو پرۆسەیە دەرونییە دەگرێتەوە کە پێیدا تێدەپەڕێت لەو ساتەوەی کە تاک بۆ یەکەمجار گوێی لە بیرۆکە نوێیەکە دەبێت، تا قۆناغی پەسەندکردنی کۆتایی بیرۆکەکە.

٥- بەکارهێنانی تێکەڵەی بەبازاڕکردن بۆ بەبازاڕکردنی بیرۆکە کۆمەڵایەتیەکە: کە بریتین لە (نرخ، شوێن، برەودان، جەماوەر، پرۆسە و بەرهەم) ئەمانە چالاکییە بازرگانییە یەکگرتو وپەیوەندیدارەکانن کە پشت بە یەکتر دەبەستن.

## باسی دووەم: کاراکتەرە ناودارەکان

### یەکەم: چەمک و پێناسەی کاراکتەرە ناودارەکان

ناوداران وەک چەمکێک چەندین مانای هەبوە چ لە ئێستادا و چ لە ڕابردودا، و زۆرجار جیاوازی هەیە لە تێگەیشتن لەوەی کاراکتەری ناودار چییە؟ بەتایبەتی لە نێوان توێژەران و میدیای سەرەکی(میدیای تقلیدی) و شوێنکەوتوانی کاراکتەرە ناودارەکان، هەر بۆیە توێژەران هەندێک جار ئاماژە بە کاراکتەرە ناودارەکان دەکەن وەک ژانرێک یان کاریگەرییەکی گوتاری واتە شێوازێکە کە تاکەکان نوێنەرایەتی دەکرێن و قسەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها میدیا سەرەکییەکان واتە میدیای تقلیدی وەک ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامە ئاماژە بە کاراکتەرە ناودارەکان دەکەن وەک کەسێکی جوان و بەهێز، بەڵام شوێنکەوتوانی کاراکتەرە ناودارەکان وەک بت یان نمونەی مۆدێل ئاماژەیان پێدەکەن. (Bartfeld, 2020, 30-31)، بەڵام توێژەر(Rizqia Faradiba) پێیوایە زاراوەی ناوداران ئاماژەیە بۆ کەسێک کە لەلایەن خەڵکەوە دانپێدانراوە سەبارەت بە دەستکەوتەکانی لە بوارە تایبەتەکانی وەک (کات بەسەربردن، وەرزش، پەخش، نواندن، هونەر و هتد)، واتە ئاماژەیە بۆ تاکێک کە کاریگەری لەسەر هۆشیاری گشتی خەڵک هەیە بەهۆی دەرکەوتنی یان متمانەپێکراوی. (Slamet, 2019, 8)

توێژەر (Faten Ibrahim) لەتوێژینەوەکەیدا سەبارەت بە پێوەرەکان بۆ هەڵبژاردنی کاراکتەرە ناودارەکان لە هەڵمەتەکانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامیداوە ئاماژە بەزنجیرەیەک پێناسە دەکات دەربارەی چەمکی کاراکتەرە ناودارەکان، بریتین لە: (Khamise, 2022, 531-532)

پێناسەی (فریدن- Freiden) لە ساڵی١٩٨٤ پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ کاراکتەرە (کەسایەتییە) ناودارەکان پێشکەشکرد "بەوەی کەسانی ناسراون کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو پۆلە بەرهەمەوە هەیە کە ڕیکلامیان بۆ دەکرێت"، هەروەها پێناسەی (گوپتا – Gupta) لە ٢٠٠٩ پێناسەی کاراکتەری ناودار دەکات بەم شێوەیە "کەسێک، کە ناو و وێنەکەی دەتوانێت سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت وقازانج لە خەڵک بەدەستبهێنێت".

### دووەم: پێوەرەکانی سەرکەوتنی کاراکتەرە ناودارەکان

یەکەم: متمانەپێکراوی سەرچاوە (Source Credibility)

بەپێی تیۆری متمانەپێکراوی سەرچاوە، قبوڵکردنی پەیامێک بەندە بە "ئەزمون" ومتمانەکردن بە سەرچاوەکان، بۆیە ئەزمون پێناسە دەکرێت بە توانای سەرچاوە بۆ پێدانی دڵنیایی لۆژیکی و زانیاری دروست بە وەرگرانی پەیامەکە، لەبەر

ئەمەش متمانەپێکراوی پێناسە دەکرێت بە خواستی سەرچاوە بۆ پێدانی دڵنیایی لۆژیکی وزانیاری دروست بەهەمان شێوە بە وەرگرانی پەیامەکە، کەواتە ئەزمون ومتمانە پێکەوە لەگەڵ سەرچاوە دەتوانیت قبوڵکردنی گشتی بۆ بەرهەمەکە وتوانای هەڵسەنگاندنیان زیاد بکات. (الرشیدی، ٢٠١٩، ١٦١)، لەلایەکی ترەوە پێوەری متمانەپێکراوی سەرچاوە بە گشتگیرترین و گونجاوترین پێوەری کارپێکراو دادەنرێت بەتایبەت بۆ ئەم ژینگە ئۆنلاینە و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا، ئەویش بەهۆی گرنگیدان بە تایبەتمەندییەکانی شارەزایی و متمانەپێکراوی و سەرنجڕاکێشیی سەرچاوەکە. (Djafarova and Trofimenko, 2018, 5)

لەم مۆدێلەدا هاتوە، ئاستی هەستپێکراوی شارەزایی ومتمانەپێکراوی لە پشتگیریکردنی کاراکتەرە ناودارەکان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرکەوتنی پەیامەکان هەیە بەتایبەتی لەناوەڕۆکی هەڵمەتەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی و ڕیکلامکردندا، هەروەها متمانەپێکراوی ئاماژە بەوە دەکات کە تا چەند نێرەر خاوەنی کارامەیی زانیاری وئەزمون ومتمانەی گرنگە کە توانای پێشکەشکردنی حوکمێکی بێلایەنانەی هەیە، هەر بۆیە سەرچاوەی متمانەپێکراو بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکانی نێرەر کە کاریگەری لەسەر وەرگرتنی ناوەڕۆکی پەیامەکان دەبێت بەگشتی. (Khamise, Previous source, 532-533)

دووەم: سەرنجڕاکێشی سەرچاوە(source attractiveness)

مۆدێلی سەرنجڕاکێشی سەرچاوە لە ساڵی ١٩٩٠ لەلایەن (ئۆهانیان- Ohanian )باسکراوە، ئەم توێژەرە لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئاماژەی بە دو تایبەتمەندی پەیوەست بە مۆدێلی سەرنجڕاکێشیی سەرچاوە داوە کە بریتین لە حەزکردن ولێکچون کەبەمشێوە پێناسەی کردوە، کە حەزکردن بریتییە لە بونی یان نەبونی هەستەکانی بەکاربەر بەرامبەر بە سەرچاوەیەکی زانیاری یان پشتگیریکەر، کاراکتەرە سەرنجڕاکێشەکان بەگشتی نەک هەر لە چاوی کۆمەڵگەدا بەگونجاو وباشتر سەیر دەکرێن، بەڵکو دەبێت هاوشێوەی بینەری ئامانجداربن، بۆ ئەوەی بەکاربەر هەست بکات کە سەرچاوەکە ئەگەری کاریگەری پەیامەکەی زیاترە بەتایبەتی لە ڕوی هەڵوێست، بۆچون، چالاکیی، پاشخان، پێگەی کۆمەڵایەتی، یان شێوازی ژیانەوە هاوشێوەی ناودارەکان بێت. (Davis, 2017, 7)

لەلایەکی ترەوە پێوەری سەرنجڕاکێشی سەرچاوە باس لەوە دەکات کە سەرنجڕاکێشی فیزیکی کەسایەتییەکی ناودار کاریگەری لەسەر مەبەستی بەکاربەران بۆ کڕین وپەیامەکانی ڕیکلام هەیە، بۆیە توێژینەوە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کاراکتەرە ناودارە سەرنجڕاکێشەکان کاریگەری زیاتریان هەیە لەو کاراکتەرە ناودارانەی کەکەمتر سەرنجڕاکێشن. (Bartfeld, Previous source, 81.)، هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرنجڕاکێشی کاراکتەرە ناودارەکان دەتوانێت لە ژێر کاریگەری بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی کۆمەڵگەدا بێت، بەشێوەیەک سەرنجڕاکێشی ئاماژەیە بۆ دیمەنی جەستەیی، کەسایەتی، شێوازی ژیان، پێگەی کۆمەڵایەتی، بۆچون و ئەزمونەکان.( Khamise, Previous source, 534)

سێیەم: گواستنەوەی مانا (Meaning Transfer)

مۆدێلی گواستنەوەی مانا (زانیاری)، ئاماژە بەو ڕۆڵە گرنگە دەکات کە بەها کولتورییەکان لە پرۆسەی گەیاندنی پەیامەکان لە کەسایەتییەکی ناودارەوە بۆ بەرهەمهێنەرێک و دواتر لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر دەیگێڕن، بەپێی ئەو مۆدێلە، هەمو کەسێکی بەناوبانگ کۆمەڵێک بەهای ناوازەی هەیە، کە لە کەسایەتییەکەیەوە سەرچاوە دەگرن،(الرشیدی، مصدر

سابق، ١٦٠) هەربۆیە توانای گواستنەوەی ئەو مانایانەیان هەیە کە پەیوەندییان پێوە هەیە بۆ سەر ئەو بەرهەمە یان براندەی کە پشتگیری دەکەن، بۆیە ماناکانی ناوداران بریتین لە جیاوازییەکانی چین و توێژ، پێگە، ڕەگەز، تەمەن، کەسایەتی و شێوازی ژیان. (Mangan, 2013, 14)

بۆیە لەتوێژینەوەیەکدا باس لەئیستغلالکردنی کاراکتەرە ناودارەکان دەکات لە هەڵمەتەکانی ڕیکلامدا لەلایەن کۆمپانیا قازانج ویست وقازانج نەویستەکانەوە کە فۆرمی سەرەکیی ڕاکێشانی بەکاربەرە، ئەم مۆدێلە "چوارچێوەیەک بۆ بەکارهێنانی بەهاکانی پەیوەست بە کاراکتەرە ناودارەکان" دەخاتەڕو، بە پشتبەستن بە مۆدێلەکە، پێویستە سەرنج بخرێتە سەر کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەرفراوان کە کاراکتەرە ناودارەکان کەهەڵگری ئەو تایبەتمەندیيەن، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان بەها کولتورییەکان و تایبەتمەندییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان. (الرشیدی، مصدر سابق، ١٦٠)

**سێیەم: کاراکتەرە ناودارەکان و پرۆسەی بەبازارڕکردنی کۆمەڵایەتی**

چەند هۆکارێک هەیە وادەکات کە کۆمپانیایەک یان خاوەن بیرۆکەیەک یان براندێک ستراتیژی بەبازاڕکردنی لەڕێی کاراکتەرە ناودارەکان بەکاربهێنێت، بەجۆرێک بەرهەمێکی نوێ یان بیرۆکەیەکی بەسود دەتوانرێت بە ئاسانی بە بەکارهێنەران بناسێنرێت ئەگەر هەست بە ئاشنابون و ئاسودەیی بکەن بەو کاراکتەرە ناودارەی کە پشتگیری دەکرێت. هەروەها ستراتیژی بەبازارکردنی ناوداران ڕەنگە بە سادەیی ڕێگەیەک بێت بۆ پەیوەستکردنی بەرهەمێکی ناسراو بە کەسێکی ناودارەوە، هەربۆیە کلیلی هەڵمەتێکی سەرکەوتوی بەبازاڕکردنی کاراکتەرە ناودارەکان بەستنەوەی کاراکتەرێکی ناوداری گونجاوە بە بەرهەمێکی گونجاو یان گونجانی لەگەڵ بیرۆکەیەک، بەشێوەیەک ئەو کاراکتەرە ناودارە دەبێت لەلایەن خەڵکەوە وەک پشتگیریکەرێکی باوەڕپێکراو سەیر بکرێت.(Wadhera, 2022, 1760)

(فرانسیسکۆ- Francisco و هاوڕێ توێژەرەکانی) پێیانوایە بەکارهێنان و بەشداریکردنی کاراکتەرە ناودارەکان لە هەڵمەتەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتیدا شتێکی باو وئاساییە، بەتایبەتی لەئێستادا کاراکتەرە ناودارەکان بەهۆی ژمارەی فۆڵۆوەرەکان وسەرنجڕاکێشانی کەسییانەوە وەک کاریگەرێکی گرنگ سەیر دەکرێن؛ ئەوان دەتوانن بیرۆکە وناوەڕۆکی سپۆنسەرکراو لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا پێشکەش بکەن و وەک وێنەیەک بۆ ڕیکلامەکان وهەڵمەتەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی کاربکەن، هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم کاراکتەرانە بەهۆی ناودارییانەوە کلتورێک بەرهەم دێنێت پێی دەوترێت (کلتوری ناوداران) کە بەشێوەیەک ئەم کاراکتەرە ناودارانە کەسانێکن بۆ شوێنکەوتن وتەقلیدکردن، هەر بۆیە وایکردوە کاریگەرین بە لایەنە کۆمەڵایەتی، ئابوری و کولتورییەکان.(Martínez-López, et al., 2020, 12)

هەندێک پێیانوایە کاراکتەرە ناودارەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگاکان هەیە بەشێوەیەک بونەتە گەورەترین ئایکۆنەکانی جیهانی سۆشیال میدیا، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەندێک لەگەڵ ئەوەدا نین ودەڵێن کاریگەری نەرێنییان هەیە وبونەتە هۆکاری چەندین کێشە وگرفتی کۆمەڵایەتی. (Wadhera, Previous source, 1773-1774) هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئەنجامی توێژینەوەک دەیسەلمێنێت کە پشتگیری و بەکارهێنانی کاراکتەرە ناودارەکان کاریگەری ئەرێنی و بەرچاوی لەسەر ڕەفتارەکانی ئەوانی دیکە هەیە بەتایبەتی ئارەزوی کڕینی بەرهەمێک یان براندێک ، هەر بۆیە بازرگانان و خاوەن بیرۆکەکان دەتوانن ستراتیژی بەبازاڕکردنی پشتگیری کاراکتەرە ناودارەکان بەکاربهێنن بۆ زیادکردنی هۆشیاری بەکارهێنەرانی. (Litiver and Wardaya, 2022, 1823)

## بەشی سێیەم

## لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

### ١- جێگیری فۆرمی ڕاپرسی

خشتەی (1) جێگیری (پێوەرەکانی الفا کرونباخ)

| پێوەری گشتی | بەهای جێگیری (پێوەرەکانی الفا کرونباخ) |
|---|---|
| پێوەرەکانی الفا کرونباخ | 0.923 |

نەخشەی (1) زانیاری تایبەت جێگیری (پێوەرەکانی الفا کرونباخ) بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی گشتی، دەردەکەوێت بەهای جێگیری بەڕێگەی (مقایس کرونباخ الفا) دەکاتە (0.923) کە گەورەترە لە بەهای (0.65) ئەمەش بەهایەکی باش دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە پرسیارەکاندا.

### ٢-ڕاستی ڕواڵەتی فۆرمەکە:

بەمەبەستی دڵنیابون لەڕاستی و گونجاوی فۆڕمی ڕاپرسییەکە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە، توێژەر دوای ئامادەکردنی پرسیار وبڕگەکانی ڕاپرسییەکە (فۆڕمی روپێوی) ئامادەکردوە وخستویەتیە بەردەم ژمارەیەک لەشارەزا و پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و بەبازاڕکردن و کۆمەڵناسیدا وتێیدا سەرنج و تێبینییەکانی شارەزا و پسپۆران بەهەندوەرگیرا، بەجۆرێک ڕادەی دروستیەکە دەرهێنرا کە بریتییە لە(٩٢.٧٧٪) کە لەڕوی زانستیەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

### ٣- خستنەڕوی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی و شرۆڤەکردنیان:

### تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییە دیموگرافییەکان

١- ڕەگەزی بەرتوێژان: نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز، دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی ڕەگەز بریتییە لە ڕەگەزی نێر بەڕێژەی (65.99%)، لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ دەکاتە (34.01%).

٢- ئاستی زانستی بەرتوێژان: ئەم خشتەیە دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای ئاستی زانستی ڕون دەکاتەوە: دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی زانستی بریتییە لە بڕوانامەی (ماستەر) بەڕێژەی (60.32%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتوە، لە کاتێکدا بڕوانامەی (دکتۆرا) دەکاتە (39.68%).

٣- تەمەنی بەرتوێژان ئەنجامەکان دەریدەخەن، بەرزترین ئاستی تەمەنی بەرتوێژان تەمەنیان لە نێوان (36 – ٤٥) ساڵیدایە بەڕێژەی (53.85%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها ئەوانەی پلەی دوەمیان وەرگرتوە تەمەنیان لەنێوان (٤٦ و زیاتر) ساڵیدایە بە ڕێژەی (27.13%) دێت، لەبەرامبەردا ئەوانەی نزمترین پلەیان وەرگرتوە بریتییە لە تەمەنی نێوان (25 – ٣٥) ساڵی کە بەڕێژەی (19.03%) دێت.

٤- پسپۆڕی بەرتوێژان :بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە کە دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە لەسەر بنەمای پسپۆڕی: نیشانیدەدات کە بەرزترین ئاستی پسپۆڕی بریتییە لە پسپۆڕی (ڕاگەیاندن) بەڕێژەی (40.89%) بەپلەی یەکەم دادەنرێت، هەروەها پسپۆڕی (پرۆسە کارگێڕییەکان) بە پلەی دوەم دادەنرێت بە ڕێژەی (22.67%)، هەروەها ئاستی

پسپۆڕی (کۆمەڵناسی) بەڕێژەی (21.46%) دێت کە پلەی سێیەم دەگرێت، بەڵام نزمترین ئاستی پسپۆری بریتییە لەپسپۆری (کاری کۆمەڵایەتی) بەڕێژەی (2.83%).

٥- شوێنی کاری بەرتوێژان: ئەنجامەکان ڕونی دەکاتەوە کە بەرزترین ئاستی بەشداربوان بەپێی شوێنی کاری بەرتوێژان بریتیە لە (زانکۆی سلێمانی) بەڕێژەی (36.03%) کە پلەی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها (زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی) پلەی دوەمی وەرگرتوە بە ڕێژەی (17.00%) دێت، هەروەها پلەی سێیەمی ریزبەندییەکەش (زانکۆی صلاح الدین/ هەولێر) بەڕێژەی (15.79%) دێت، بەڵام لەدوا پلەدا (زانکۆی هەڵەبجە) بەهۆی تازەیی زانکۆکە و کەمی مامۆستاوە نزمترین پلەی وەرگرتوە لەریزبەندییەکەدا بەڕێژەی (2.02%) دێت. بڕوانە خشتەی(٢)

خشتەی (2) خستنەڕوی نمونەی توێژینەوەکە لەسەر تایبەتمەندییە دیموگرافییەکان

| برگە | | دوبارە بونەوەکان | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 163 | 65.99 | یەکەم |
| | مێ | 84 | 34.01 | دوەم |
| ئاستی زانستی | ماستەر | 149 | 60.32 | یەکەم |
| | دکتۆرا | 98 | 39.68 | دوەم |
| تەمەن (ساڵ) | 25 – ٣٥ | 47 | 19.03 | سێیەم |
| | 36 – ٤٥ | 133 | 53.85 | یەکەم |
| | ٤٦ و زیاتر | 67 | 27.13 | دوەم |
| پسپۆڕی | ڕاگەیاندن | 101 | 40.89 | یەکەم |
| | کۆمەڵناسی | 53 | 21.46 | سێیەم |
| | کاری کۆمەڵایەتی | 7 | 2.83 | شەشەم |
| | دەرونناسی | 14 | 5.67 | پێنجەم |
| | پرۆسە کارگێڕییەکان | 56 | 22.67 | دوەم |
| | بەبازارکردن | 16 | 6.48 | چوارەم |
| شوێنی کار (زانکۆی) | زانکۆی سلێمانی | 89 | 36.03 | یەکەم |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | 42 | 17.00 | دوەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زانکۆی صلاح الدین/ هەولێر | 39 | 15.79 | سێیەم |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | 33 | 13.36 | چوارەم |
| | زانکۆی دهۆک | 11 | 4.45 | شەشەم |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک | 11 | 4.45 | شەشەم |
| | زانکۆی سۆران | 17 | 6.88 | پێنجەم |
| | زانکۆی هەڵەبجە | 5 | 2.02 | حەوتەم |
| کۆی گشتی | | 247 | 100.0 | |

**تەوەری دوەم: بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی**

خشتەی (3) تەوەری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی ڕون دەکاتەوە، دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی (ناوەندە ژمارەیی) دەکاتە (3.55%) بەگوێرەی (مقایس لیکارت خماسی) (ئەنجام)ی گشتی دەکاتە (لەگەڵیدام)، هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) دەکاتە (71.04%). لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر لەگەڵیدانیم) دەکاتە (2.6%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدانیم) دەکاتە (11.4%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (بێلایەنم) دەکاتە (26.58%)، ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام) دەکاتە (47.2%) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر لەگەڵیدام) دەکاتە (12.3%).

لە جۆرەکانی بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بۆمان دەردەکەوێت، بابەتی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی پەیوەست بە بابەتە گشتییەکان کە پەیوەندی بە ژیانی هەمو تاکەکانەوە هەیە و دواتر بابەتی پەروەردە و فێرکردن کە لەڕێگەی چالاکیی و ڕاهێنانی پەروەردەییەوە پێشکەش دەکرێت، بەڕادەیەکی زۆر لای مامۆستایانی زانکۆ ڕەنگیداوەتەوە.

هەروەها لەبڕگەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی دەرئەنجامەکان بۆمان دەردەکەوێت کاری خێرخوازی وەک یەکێک لەخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترین بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی بۆ دەکرێت لەلایەن کاراکتەرە کوردییە ناودارەکان کەخۆی دەبینێتەوە لەهاوکاری ماددی و مرۆیی لەکاتی تەنگژەو بارودۆخە تایبەتەکانداپێشکەش دەکرێت، بەپلەی دوەمیش خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش دەکات لەڕێگەی چالاکیی و ڕاهێنانی پەروەردەیی و فێرکردن بەشداردەبن.

بەڵام زۆربەی بەرتوێژان بۆچونیان وایە کەکاراکتەرە کوردییە ناودارەکان لەبیرۆکە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر بەشداری دەکەن لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی کۆمەڵایەتی و کاری خێرخوازی و مرۆیی، بەو پێیەی ئەم جۆری خزمەتگوزاری و بیرۆکە کۆمەڵایەتیە دەتوانێت زیاتر کاریگەری دروست بکات و ڕۆڵی هەبێت بۆ زیاتر دەرکەوتن و بەناوداربونان، بەڵام بەپلەی دوەم کاراکتەرە کوردییە ناودارەکان بەشدارن لە پێشکەشکردنی بیرۆکەی بەکارهێنانی پێداویستییە بنەڕەتییە گشتییەکانی وەک (بەفیڕۆنەدانی ئاو، کارەبا و پاراستنی ژینگەی دەوروبەرمان....هتد) کە خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی دەکات.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت جگە لە ئامانجە گشتییەکان کەزۆربەی بەرتوێژان گرنگی زیاتریان پێداوە مەبەست لێی پێدانی زانیارییە دەربارەی بابەتە گشتییەکان کەپەیوەندی بە ژیانی هەمو تاکەکانەوە هەیە، بەشێک لەبەرتوێژان

گرنگیان بە ئامانجە فێرکارییەکان داوە کاردەکات لەسەر بەدەستهێنانی زانین و زانیاری سەبارەت بەگرفتەکان یان ئەو دۆخەی پێویستی بەچارەسەرو فێرکردنی جەماوەرە دەربارەی هەندێ وردەکاری و هەروەها ئامانجە ڕەفتاریەکان مەبەست لێی دروستکردنی ڕەفتار و گۆڕینێتی، کە هەردوکیان پلەی دوەمیان وەرگرتوە. بڕوانە خشتەی(٣)

خشتەی (3) تەوەری بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی ڕون دەکاتەوە

| ئەنجام | گرنگی ڕێژەیی | لادانی پێوانەیی | ناوەندە ژمارەیی | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | بێلایەنم | لەگەڵیدانیم | زۆر لەگەڵیدانیم | بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Result | RI | S.D | Mean | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | |
| | | | | % | % | % | % | % | |
| | | | | | جۆرەکانی بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی | | | | |
| لەگەڵیدام | 69.23 | 0.96 | 3.46 | 25 | 113 | 68 | 33 | 8 | خێرخوازی و مرۆیی |
| | | | | 10.12 | 45.75 | 27.53 | 13.36 | 3.24 | |
| لەگەڵیدام | 79.60 | 0.83 | 3.98 | 62 | 134 | 39 | 8 | 4 | بلاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی |
| | | | | 25.10 | 54.25 | 15.79 | 3.24 | 1.62 | |
| بێلایەنم | 60.32 | 0.95 | 3.02 | 15 | 52 | 117 | 48 | 15 | پرسی گێچەڵی سێکسی |
| | | | | 6.07 | 21.05 | 47.37 | 19.43 | 6.07 | |
| لەگەڵیدام | 75.71 | 0.88 | 3.79 | 44 | 131 | 52 | 15 | 5 | پەروەردە و فێرکردن |
| | | | | 17.81 | 53.04 | 21.05 | 6.07 | 2.02 | |
| | | | | | خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان | | | | |
| لەگەڵیدام | 68.91 | 0.98 | 3.45 | 28 | 107 | 66 | 39 | 7 | خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی پێشکەش دەکات |
| | | | | 11.34 | 43.32 | 26.72 | 15.79 | 2.83 | |
| لەگەڵیدام | 69.55 | 0.95 | 3.48 | 25 | 118 | 59 | 40 | 5 | خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەش دەکات |
| | | | | 10.12 | 47.77 | 23.89 | 16.19 | 2.02 | |
| لەگەڵیدام | 70.61 | 0.92 | 3.53 | 30 | 111 | 70 | 32 | 4 | کاری خێرخوازی لەخۆدەگرێت |
| | | | | 12.15 | 44.94 | 28.34 | 12.96 | 1.62 | |
| | | | | | بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان | | | | |
| لەگەڵیدام | 67.94 | 0.95 | 3.40 | 21 | 109 | 71 | 39 | 7 | بیرۆکەی بەکارهێنانی پێداویستییە بنەڕەتییە گشتییەکان پێشکەش دەکات |
| | | | | 8.50 | 44.13 | 28.74 | 15.79 | 2.83 | |
| بێلایەنم | 66.80 | 0.97 | 3.34 | 20 | 105 | 67 | 49 | 6 | بیرۆکەی بەرهەمهێنانی پرۆژەی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات |
| | | | | 8.10 | 42.51 | 27.13 | 19.84 | 2.43 | |
| لەگەڵیدام | 68.18 | 0.99 | 3.41 | 25 | 107 | 68 | 38 | 9 | بیرۆکەی کۆمەڵایەتی و کاری خێرخوازی و مرۆیی پێشکەش دەکات |
| | | | | 10.12 | 43.32 | 27.53 | 15.38 | 3.64 | |
| | | | | | ئامانجەکانی بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی | | | | |
| لەگەڵیدام | 75.55 | 0.91 | 3.78 | 45 | 133 | 43 | 21 | 5 | ئامانجە گشتییەکان: مەبەست لە (پێدانی زانیاری دەربارەی بابەتە گشتییەکان کەپەیوەندی بە ژیانی هەمو تاکەکانەوە هەیە) |
| | | | | 18.22 | 53.85 | 17.41 | 8.50 | 2.02 | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئامانجە تایبەتەکان: مەبەست لە (دروستکردنی وێنەی زهنی ئەرێنی دەربارەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکە و خزمەتگوزارییەکانی) | 6 | 23 | 63 | 124 | 31 | 3.61 | 0.91 | 72.23 | لەگەڵیدام |
| | 2.43 | 9.31 | 25.51 | 50.20 | 12.55 | | | | |
| ئامانجە چارەسەرییەکان: (هەوڵدەدات چاکسازی لەکۆمەڵگادا بکات بەبڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر ڕەفتارە هەڵەکان) | 3 | 24 | 66 | 126 | 28 | 3.62 | 0.86 | 72.31 | لەگەڵیدام |
| | 1.21 | 9.72 | 26.72 | 51.01 | 11.34 | | | | |
| ئامانجە خۆپارێزییەکان: (مەبەست لێی پاراستنی کۆمەڵگاکانە بەگرتنەبەری ڕێ وشوێنی خۆپارێزی و ژینگە کۆمەڵایەتییەکان) | 7 | 22 | 68 | 120 | 30 | 3.58 | 0.92 | 71.66 | لەگەڵیدام |
| | 2.83 | 8.91 | 27.53 | 48.58 | 12.15 | | | | |
| ئامانجە فێرکارییەکان: (کاردەکات لەسەر بەدەستهێنانی زانین و زانیاری سەبارەت بەگرفتەکان یان ئەو دۆخەی پێویستی بەچارەسەرو فێرکردنی جەماوەرە دەربارەی هەندێ وردەکاری) | 6 | 15 | 63 | 132 | 31 | 3.68 | 0.86 | 73.52 | لەگەڵیدام |
| | 2.43 | 6.07 | 25.51 | 53.44 | 12.55 | | | | |
| ئامانجە ئاڕاستەکارییەکان: (کار لەسەر دۆزینەوەی ئاڕاستە لایەنگرەکان دەکات کە هاوپەیوەندە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی واتە گۆڕین و دژایەتیکردنی ڕەوت و ئاڕاستە نەرێنییەکان) | 5 | 16 | 78 | 122 | 26 | 3.60 | 0.84 | 71.98 | لەگەڵیدام |
| | 2.02 | 6.48 | 31.58 | 49.39 | 10.53 | | | | |
| ئامانجە ڕەفتاریەکان: مەبەست لە ( دروستکردنی ڕەفتار و گۆڕینێتی) | 8 | 15 | 55 | 140 | 29 | 3.68 | 0.88 | 73.52 | لەگەڵیدام |
| | 3.24 | 6.07 | 22.27 | 56.68 | 11.74 | | | | |
| کۆی گشتی | 110 | 477 | 1113 | 1984 | 515 | 3.55 | 0.92 | 71.04 | لەگەڵیدام |

## تەوەری سێیەم: کاراکتەرە کوردییە ناودارەکان

لە خشتەی (4) تێڕوانینی نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت کاراکتەرە کوردییە ناودارەکان دەردەخات، دەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی (ناوەندە ژمارەیی) دەکاتە (3.65) بەگوێرەی (مقاييس ليكارت خماسي) (ئەنجام)ی گشتی دەکاتە (لەگەڵیدام)، هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) دەکاتە (72.96%). لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر لەگەڵیدانیم) دەکاتە(3.7%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدانیم) دەکاتە (8.1%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (بێلایەنم) دەکاتە (24.9%)، ڕێژەی وەڵامدانەوەی (لەگەڵیدام) دەکاتە (46.3%)، هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی (زۆر لەگەڵیدام) دەکاتە (17%).

لەجۆری کاراکتەری ناودارەکان دەردەکەوێت جۆری کاراکتەری ناوداری ئاینی کە بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی دەکەن کاریگەرییان هەیە لە گۆڕینی ڕەفتار و بیرکردنەوەکان، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەدەر لەوەی کە ئەرکی ئاینی خۆیان وەک مامۆستایەکی ئاینی لەمینبەرەکانی مزگەوتەوە جێ بەجێ دەکەن، بەڵام لەرێگەی پەڕەو هەژماری تایبەتی خۆیانەوە بیرۆکە و خزمەتگوزاری مرۆیی و کاری خێرخوازی و پەروەردەیی پێشکەش دەکەن و توانیویانە بەشێکی زۆریان کاریگەری باش دروست بکەن لەناو کۆمەڵگەدا، دواتر کاراکتەرە هونەرییەکان بەشێکیان توانیویانە ڕۆڵێکی باش بگێڕن لە هۆشیاری گشتی و هەندێک بابەتی مرۆیی و خێرخوازی.

هەروەها زۆرترین ڕێژە جەختیان لەوەکردۆتەوە، بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان، دەبنەهۆی متمانەپێکردنی زیاد لەپێویستی ناودارەکان کە زۆرجار شایەنی ئەو متمانەیە نییە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەیان دروست دەکات، هەروەها هەندێکی تر لەبەرتوێژان پێیان وایە هۆکارە بۆ

لاسایکردنەوەی هەڵسوکەوتی نەشیاوی ناوادارەکان کە زۆرجار لەگەڵ بیرکردنەوە و دابونەریت و ئەو بەهایانە ناگونجێت کە کۆمەڵگە ناتوانێت لێیان لابدات، بۆیە هەندێک جار لەڕێگەی چالاکییەکانیانەوە هەوڵی سەپاندن و ئاسایکردنەوەی هەندێک بیرۆکە دەدەن کە هاوردەی کۆمەڵگەیەکی ترن.

بەڵام ، بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان هانی تاک دەدات بۆ گوزارشت کردن لە بۆچونەکان بە ئازادی سەبارەت بەو بابەتانەی مەبەستیانە لەبارەیەوە ڕاوبۆچونەکان تاوتوێ بکەن، هەروەها لەلایەکی ترەوە هانی تاک دەدات بۆ گەشەکردنی هۆشیاری تەندروستی، ژینگەیی، پەروەردەیی، نیشتیمانی و جۆرەکانی تر کەهەریەک لەو بوارانە کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و دەتوانێت تاکێکی تەندروست و بەسود پەروەردە بکات کە لە دەرئەنجامدا خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی دروست بکات کە کاریگەری لەسەر ئاڕاستەکانی جەماوەر دابنێت. بڕوانە خشتەی(٤)

خشتەی (4) خستنەڕوی تەوەری کاراکتەرە کوردییە ناودارەکان

| کاراکتەرە کوردییە ناودارەکان | زۆر لەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم | بێلایەنم | لەگەڵیدام | زۆر لەگەڵیدام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ژ | ژ | ژ | ژ | Mean | S.D | RI | Result |
| | % | % | % | % | % | | | | |
| جۆری ناودارەکان | | | | | | | | | |
| کاراکتەری ناوداری کۆمەڵایەتی | 17 | 29 | 65 | 106 | 30 | 3.42 | 1.07 | 68.34 | لەگەڵیدام |
| | 6.88 | 11.74 | 26.32 | 42.91 | 12.15 | | | | |
| کاراکتەری ناوداری ئاینی | 4 | 17 | 47 | 111 | 68 | 3.90 | 0.94 | 77.98 | لەگەڵیدام |
| | 1.62 | 6.88 | 19.03 | 44.94 | 27.53 | | | | |
| کاراکتەری ناوداری هونەری | 6 | 19 | 51 | 144 | 27 | 3.68 | 0.86 | 73.52 | لەگەڵیدام |
| | 2.43 | 7.69 | 20.65 | 58.30 | 10.93 | | | | |
| کاراکتەری ناوداری کاروباری ماڵداری و ستایلی ژیان | 7 | 25 | 65 | 114 | 36 | 3.60 | 0.95 | 71.90 | لەگەڵیدام |
| | 2.83 | 10.12 | 26.32 | 46.15 | 14.57 | | | | |
| کاریگەرییە نەرێنییەکانی بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان | | | | | | | | | |
| بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە دەبنەهۆی متمانەپێکردنی زیاد لەپێویستی ناودارەکان کە زۆرجار شایەنی ئەو متمانەیە نییە | 6 | 6 | 67 | 108 | 60 | 3.85 | 0.90 | 77.00 | لەگەڵیدام |
| | 2.43 | 2.43 | 27.13 | 43.72 | 24.29 | | | | |
| | 7 | 10 | 60 | 117 | 53 | 3.81 | 0.92 | 76.11 | لەگەڵیدام |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە هۆکارە بۆ لاسایکردنەوەی هەڵسوکەوتی نەشیاوی ناودارەکان | 2.83 | 4.05 | 24.29 | 47.37 | 21.46 | | | | |
| بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە دزە دەکاتە ناو تایبەتمەندیی و ڕەوشت و ئاکاری تاک لە کۆمەڵگادا | 6 | 10 | 61 | 121 | 49 | 3.80 | 0.89 | 75.95 | لەگەڵیدام |
| | 2.43 | 4.05 | 24.70 | 48.99 | 19.84 | | | | |
| کاریگەرییە ئەرێنییەکانی بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان | | | | | | | | | |
| بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە هانی تاک دەدات بۆ کاری بازرگانی و قازانج | 9 | 29 | 65 | 111 | 33 | 3.53 | 0.99 | 70.53 | لەگەڵیدام |
| | 3.64 | 11.74 | 26.32 | 44.94 | 13.36 | | | | |
| بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە هانی تاک دەدات بۆ گەشەکردنی هۆشیاری تەندروستی، ژینگەیی، پەروەردەیی، نیشتیمانی و جۆرەکانی تر | 13 | 23 | 59 | 113 | 39 | 3.57 | 1.03 | 71.50 | لەگەڵیدام |
| | 5.26 | 9.31 | 23.89 | 45.75 | 15.79 | | | | |
| بیرۆکە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە هۆکارێکە بۆ بون بە کاراکتەرێکی خزمەتگوزار و سەرکەوتو | 17 | 31 | 75 | 99 | 25 | 3.34 | 1.05 | 66.80 | بێلایەنم |
| | 6.88 | 12.55 | 30.36 | 40.08 | 10.12 | | | | |
| **کۆی گشتی** | **92** | **199** | **615** | **1144** | **420** | **3.65** | **0.96** | 72.96 | لەگەڵیدام |
| | **3.7** | **8.1** | **24.9** | **46.3** | **17.0** | | | | |

پێوەری لیکارت بۆ (5) بژاردەیی: (1.0- 1.79: زۆر لەگەڵیدانیم)، (1.80- 2.59: لەگەڵیدانیم)، (2.60- 3.39: بێلایەنم)، (3.40- 4.19: لەگەڵیدام)، (4.20- 5.0: زۆر لەگەڵیدام)

## ٤- سەلماندنی گریمانەی توێژینەوە:

### گریمانەی یەکەم: پەیوەندیی نێوان بەناوادارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان و بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی.

$H_0$: پەیوەندی ئاماژەیی ئاماری نیە لە نێوان بەناوادارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان و بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی

$H_1$ : پەیوەندی ئاماژەیی ئاماری هەیە لە نێوان بەناوادارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان و بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی

خشتەی (5) پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە: دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان (بەناوادارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان و بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) کە بەهاکەی دەکات (0.67) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندیەکی ئاماری ڕاستەوانەی بەهێزی هەیە لە نێوان (بەناوادارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان و بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) هەروەها پەیوەندیەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری P-value- ) بچوکترە لە بەهای (0.05), کەواتە قبوڵی گریمانەی ($H_1$) دەکەین و ڕەفزی گریمانەی ($H_0$) دەکەین. بڕوانە خشتەی(٥)

خشتەی (5) پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە

| کۆڕاوەکان | بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان | | |
|---|---|---|---|
| | پەیوەندی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری **( الدالة الاحصائية)-(P-value)** | |
| **بەبازارکردنی کۆمەڵایەتی** | 0.67 | 0.000 | 0.05 > |

**گریمانەی دوەم: کاریگەری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان.**

$H_0$ : بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی کاریگەری نیە لە بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان

$H_1$ : بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە لە بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان

خشتەی سەرەوە کاریگەری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان ڕون دەكاتەوە لە ڕێگەی مۆدێلی ( Regression Model) , بەگوێرەی بەهای تاقیكردنەوەی ف (ANOVA Table -F-Test):ڕونی دەكاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Regression Model) چونكە ئاستی بەڵگەداری(.Sig) بچوكترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (0.05).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی ت) بۆ (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) دەكاتە (**14.113**) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەكەوێت (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی )کاریگەری هەیە لە (بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان) لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (.Sig) بچوکترە لە (0.05), کەواتە قبوڵی گریمانەی ($H_1$) دەكەین و ڕەفزی گریمانەی ($H_0$) دەكەین.

هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحدید- $R^2$) كە دەكاتە (**0.448**) واتە بەڕێژەی (44.8%) ئاستی (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) کاریگەری هەیە لە (بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان) ڕەنگ دەداتەوە، بەواتایەکی تر (بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی) بە ڕێژەی (44.8%) کاریگەریان هەیە لە (بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان). بڕوانە خشتەی (٦)

خشتەی (6) کاریگەری بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی لە بەناوداركردنی كاراكتەرە كوردییەكان ڕون دەكاتەوە

| نموذج Model | المعلمات B | تاقیکردنەوەی ت | ئاستی بەڵگەداری | معامل التحدید | ANOVA Table (F-test) | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | درجه الحریه | بەهای تاقیکردنەوەی ف |
| | | T (اختبار) T-test | (الدلاله) Sig. | $R^2$ | D.F | F قیمة |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 199.168 | | 1 | 0.448 | 0.000 | 6.455 | 1.155 | جێگیر (ثابت) |
| (الدلالە) Sig. | 0.000 | 245 | | 0.000 | 14.113 | 0.702 | بەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی |

**دەرئەنجام:**

١- توێژینەوەکە دەریدەخات کە پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەدار هەیە لە نێوان بەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان وبەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی، کە بەهای ئاماری بەڵگەداری هەیە بە بونی پەیوەندیەکی ئاماری ڕاستەوانەی بەهێزی لە نێوان (بەناودارکردنی کاراکتەرە کوردییەکان وبەبازاڕکردنی کۆمەڵایەتی).

٢- کاراکتەرە ناودارە ئاینیەکان کاریگەرییان هەیە لە گۆڕینی ڕەفتار وبیرکردنەوەکان، لە چوارچێوەی بەبازاریکردنی کۆمەڵایەتیدا، هۆکاری ئەم کاریگەریەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئایین لە کۆمەڵگەی کوردی سەنگ وپێگەیەکی بەرزی هەیە وناودارە ئایینەکان سودیان لەم لایەنە بینیوە بۆ ناوادارکردنیان.

٣- کاراکتەرە هونەرییەکان بەتایبەتیش ئەکتەرە کۆمیدییەکان، توانیویانە سود لە سروشتی پیشەکەیان ببینن و وەگەڕیبخەن لە کاری وشیاری کۆمەڵایەتی وکاری مرۆیی وچاکەخوازی بۆ بەناودابونیان.

٤- کاراکتەرە ناودارەکان لەڕێگەی بیرۆکەی نوێ وخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وچالاکییەکانییانەوە، بون بە جێگەی متمانەپێکردنی زیاد لەپێویست، کە زۆرجار شایەنی ئەو متمانەیە نین.

٥- کاراکتەرە ناودارە کۆمەڵایەتییەکان هەندێجار کاریگەری نەرێنیان لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی وەرگرەکان بەجێهێشتوە بەهۆی لاسایکردنەوەی هەڵسوکەوتی نەشیاوی ناودارەکان کە زۆرجار لەگەڵ بیرکردنەوە ودابونەریت وبەهاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ناگونجێت.

٦- بەشێک لە کاراکتەرە ناودارەکان، هاندەر بون بۆ ئازادی ڕادەربڕین وباسکردنی بابەتە هەستیارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی، ورێخۆشکەربون بۆ دروستکردنی کاراکتەری نوێ کە ڕۆڵیان گێڕاو لە بوارەکانی هۆشیاری تەندروستی، ژینگەیی، پەروەردەیی، نیشتیمانی و جۆرەکانی تر کەهەریەک لەو بوارانە کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە دروستکردوە.

**پێشنیازەکان:**

١- دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سود لە کاراکتەرە ناودارە کوردییەکان ببینێت بۆ پاڵپشتیکردنیان لە هەڵمەتە نیشتمانیەکان لەچوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی.

٢ کارکردنی دامەزراوە تەشریعیەکان بۆ دەرکردنی ڕێنمایی کارکردن بە مەبەستی پابەندکردنی کاراکتەرە ناودارەکان بە پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی ودژایەتی پەیامەکانی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی.

٣ دانانی پلانی تۆکمە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆ تەرخانکردنی ڕووبەرێکی فراوانتر بۆ پێشکەشکردنی وشیاری مامەڵەکردن لە گەڵ ئەو پەیامانەی لە تورەکۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەبنەوە.

**ڕاسپاردەکان:**

١- ئامادەکردنی تویژینەوە لەسەر "ڕۆڵی کاراکتەرە ناودارەکان لە پاڵپشتی لە هەڵمەتە نیشتمانیەکان".

٢- ئامادەکردنی توێژینەوە لەسەر "کاریگەری پەیامە ڕاستەوخۆکانی کاراکتەرە ناودارەکان لەسەر ڕەفتاری هەرزەکاران".

٣- ئامادەکردنی توێژینەوە لەسەر " پەیامەکانی کاراکتەرە ناودارەکان لە سایەی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان".

## The Role of Social Marketing in Popularizing Kurdish Characters

**Harmn Sherko Nasraldden[1] - Hakim Othman Hameed[2]**

[1]Department of Media, College of Arts, Salahaddin University- Erbil, Erbil, Kurdistan Regin-Iraq.

[2]Department Of Media Technique, Technical College of Administration, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Regin-Iraq.

**Abstract:**

The main purpose of this research is to try to understand the role of Kurdish characters through social marketing in order to make them famous, through the participation of a number of academics and experts in the fields related to social marketing in order to understand and know it The relationship between these two aspects, social marketing and popularization of Kurdish characters, the study works to identify the mechanisms and different methods used in social marketing to achieve this goal, as well as showing the role of new ideas New In this context, one of the important objectives of this study is to identify the negative consequences of social marketing that result from attempts to popularize Kurdish characters. The study finally obtained several results, the most important of which, according to the test (T-test) for (social marketing) is (14.113) and the value of evidence level (0.000) appears (social marketing (has an effect on (naming Kurdish characters). R2 -) which is (0.448) or (44.8%) reflects the level of (social marketing) has an impact on (naming Kurdish characters).

Keywords: Marketing, social marketing, celebrity characters.

سەرچاوەکان:

حجازى. د.جمعة (٢٠٢٠)، أساليب الاقناع و التسويق الاجتماعى، الجمهورية العربية السورية: منشوارات الجامعة الافتراضية السورية.

الشهري. د.ياسر بن علي(٢٠١١)، التسويق الاجتماعي، المركز الدولي للأبحاث والدراسات (مداد) .

حيزية. ايمان بن(٢٠٢٠)، التسويق الاجتماعى عبر الفايسبوک لدى الجمعيات الخيرية الجزائرية"دراسة وصفية تحليلية لمنشورات صفحة فرسان الخير – أم البواقي – عبر الفايسبوک"، جامعة العربية بن مهيدى- أم البواقي-، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الانسانية، *رسالة ماجستير غير منشورة*.

سفياف. عصماني(٢٠١٨)، مدى فاعلية حملات التسويق الاجتماعي في توعية الجمهور بالصحة العامة( دراسة ميدانية على سكان ولاية سطيف-، جامعة فرحات عباس – سطيف 1، كلية العلوم الاقتصادية والعلوم التجارية ك علوم التسيير، *اطروحة دكتورا غير منشورة*.

الخاجة . د.مي عبدالواحد(٢٠١٢)، فعالية حملات التسويق الاجتماعي في التوعية الصحية: دراسة تطبيقية على حملة سرطان الثدي في دولة الإمارات، *مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والاجتماعية*، المجلد ٩، عدد٢.

ناصر. د.نهى السيد أحمد (٢٠١٦)، دور حملات التسويق الاجتماعي بالتليفزيون في نشر الوعي لدى الجمهور المصري تجاه قضايا التنمية (دراسة ميدانية) ، *المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال*، العددان ١٤-١٥.

أبو النصر. د.مدحت محمد(٢٠٢٢)، مدخل التسويق الاجتماعي من منظور مهنة الخدمة الاجتماعية، *مجلة القاهرة للخدمة الاجتماعية*، المجلد ٣٤ ، العدد ١.

الرشيدي . د.محمد عوض (٢٠١٩) استخدام حملات التسويق الاجتماعي للمشاهير وتأثيرها علي استجابات الجمهور(دراسة تقييمية)، *مجلة اتحاد الجامعات العربية لبحوث الإعلام وتكنولوجيا الاتصال*، العدد٢.

Davis. Kaitlin M., (2017) social media, Celebrity Endorsers and Effect on Purchasing Intentions of Young Adults, *Ph.D. dissertation,* Department of Journalism, Morgantown, West Virginia University.

Bartfeld. Sarah, Celebrity, (2020) Persuasion, and social media: Digital Influencers' use of Instagram Strategies to Increase Follower Loyalty, *Ph.D. dissertation,* School of Humanities and Social Science, College of Arts, Social Sciences and Commerce, La Trobe University, Victoria, Australia.

Slamet. Rizqia Faradiba(2019), Celebrity Entrepreneurs vs Social Media Influencers: An Analysis of the interplay of endorser type and e- WOM valence on consumers purchase intention, *Master Thesis*, Faculty of behavioral, management and social sciences, University of Twente.

Mangan. James (2013), A Quantitative Study of the Effect of Celebrity Endorsers on Consumer Purchase Intent*, Master Thesis*, National College of Ireland.

Khamise .Dr. Faten Ibrahim Awad, (2022) Criteria for selecting celebrities in social TV advertising campaigns "A comparative study between the use of Muhammad Salah and Muhammad Ramadan in television anti-drugs campaigns on Egyptian television", مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية – المجلد السابع – العدد الثالث والثلاثون.,pp531-532

Klenk. Tanja and Renate Reiter(2019), Post-New Public Management: reform ideas and their application in the field of social services, *International Review of Administrative Sciences*, Vol. 85(1).

Litiver. Metta and Anton Wardaya, (2022) The Effect of Social Media Marketing and Celebrity Endorsement Toward Online Purchase Intention In Indonesia*, Jurnal Pendidikan dan Konseling*, Volume 4 Nomor 3 Tahun 2022, 1816-1825,

16/Edward C. S. Ku, (2021). Artistic Endorsers are Catalysts for Airlines to Attract Passengers, *Journal of Tourism and Services (Scopus),* volume 12, Issue 23.

Wadhera. Radhika, (2022) A Study of Impact of Celebrity Endorsement on Social Communication with Reference to Madhuri Dixit's Advertisement on Domestic Violence, *Palarch's Journal of Archaeology of Egypt/Egyptology*, PJAEE, 19 (1), pp 1760- 1775.

Lowe. Ben, David Lynch, and Julian Lowe, (2015) Reducing household water consumption: a social marketing approach, *Journal of Marketing Management,* Vol. 31, Nos. 3–4.

Djafarova. Elmira and Oxana Trofimenko, 'Instafamous' (2018) – credibility and self-presentation of micro-celebrities on social media, *Information, Communication & Society*, p5, Available from:

https://doi.org/10.1080/1369118X.2018.1438491 (Accessed 19 February 2018)

Martínez-López. Francisco J., Rafael Anaya-Sánchez, Marisel Fernández Giordano & David Lopez-Lopez. (2020) Behind influencer marketing: key marketing decisions and their effects on followers' responses, *Journal of Marketing Management*, Available from:

https://doi.org/10.1080/0267257X.2020.1738525

Alves. Helena M. and M. Mercedes Galan-Ladero, (2019) Theoretical Background: Introduction to Social Marketing, Case Studies on Social Marketing, *Management for Professionals*, Available from:

https://doi.org/10.1007/978-3-030-04843-3_1 (Accessed 27 November 2018)

Zainuddin. Nadia, Kendall Dent & Leona Tam(2017), Seek or destroy? Examining value creation and destruction in behavior maintenance in social marketing, *Journal of Marketing Management*, pp2-3, Available from: http://dx.doi.org/10.1080/0267257X.2017.1301532 (Accessed 28 march 2017)